# باش رۆژنامەنووسەکانی ئێرە

**کاروان عەلی**

بەر لە گەیشتنم بە ناوەرۆکی ئەم باسە، دەڵێم بە داخەوە بۆ ئەوەی کە لە رۆژنامەگەریی ئەهلیمان چاوەڕێ دەکرد" وادەرنەچوو.وا تێدەگەیشتین رۆژنامەی حزبی کۆسپو تەگەرەی بەردەم ئازادیی رۆژنامەگەرییە، مەزەندەمان دەکرد لە سایەی رۆژنامەی ئەهلییەوە رۆژنامەگەریی کوردی پێشدەکەوێت، کەچی مەخابن" پێچەوانە دەرچوو.

دەرچوو کە ئەوانەی لافی ئازادیی رادەربڕینو خواستی ئازادیی کاری رۆژنامەگەرییان دەکرد لە نێوەندەکەدا" تەنها بۆ خۆدەرخستن بوو جا چ بەچاك یا بە خراپو پەیڕەویی ئەو پەندە خۆماڵییە گاڵتەئامێزە دەکەن کە دەڵێت " گرنگ ئەوەیە ناوت ببرێ" چ بەچاك یا بەخراپ!"

زرجار باسمان لە زۆریو بۆریی رۆژنامەکان کردووە لە سلێمانی، ئاماژەمان بە لاوازیی ناوەرۆکی ئەو ژمارە زۆرەی رۆژنامە (بڵاوکراوە)کردووە کە لێرە دەردەچن، زۆری لەسەر گوتراو نووسراش، بەڵام بێ سوود بوو، خاوەنی هەندێ لەم رۆژنامانە بە بنێشت هەردوو گوێی خۆیان گرتو وەك بڵێی نەبای دێو نەباران.

چەند رۆژنامەیەك هەن" بە داخەوە ئەو ئازادییەی یەکێتی لێرە بۆی رەخساندوون" قۆستوویانەتەوەو مەرامو کینەی دڵی خۆیان پێ هەڵدەڕێژن.بۆیە راستەوخۆو بە مانشێتی گەورە دژی حکومەتی هەرێم شت بڵاودەکەنەوە، هەرچی سلبیەیە لەسەر حکومەت بە زیادەوە بڵاوی دەکەنەوەو کارە باشەکانیش هیچ.بوختانو بابەتی ناڕەوای دیکەش بڵاودەکەنەوە گوایە ئەمە رۆژنامەی ورووژاندنە (ENQE)و هەواڵی ورووژێنەر بڵاودەکەنەوە! ئەگەر لایەنێك دژی حکومەتی هەرێم نەبێت، هەر مەرحەباشی ناکەن" بەڵکو بە لایەنگری حکومەتی هەرێمی لەقەڵەم دەدەنو دژایەتی ئەوانیش دەکەن.ئەوانەش بەهەر حاڵ، چونکە ئەو ئازادییە بەوان دراوەو ئەوان خۆیان دەبێ هەست بە بەرپرسیارێتی کارەکەیان بکەن.

ئەگەرچی ئاوی دەریا بەمانە گلاو نابێت، بەڵام ناکرێت مرۆ بەرامبەر بەچەند راستییەك دان بەخۆیدا بگرێتو نەیەتە قسە:

*هەن سەرنووسەری ئەم جۆرە رۆژنامانەیەو فەرمانبەری یەکێك لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمەو موچەیەکی زۆر باشیشی لێ وەردەگرێت.

*هەندێ لەو رۆژنامانەی ئاوا بەمەبەست دژایەتی حکومەت دەکەن" یارمەتیو پشتگیریی حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی یاسای پشتگیریکردنی رۆژنامەی ئازاد وەردەگرن کە چەند هەزار دینارێك دەبێتو ئەوانیش ئەگەر تاقەتیان هەبێت دوومانگ یا مانگو نیو جارێك رۆژنامەکەیان دەردەکەن تەنها بۆ ئەوەی بوونی خۆیان بۆ وەرگرتنی بەردەوامی یارمەتییەکە بسەلمێنن.

*وەك باسمان کرد" هەیە سەرنووسەری ئەم جۆرە رۆژنامانەیەو لەحکومەتیشە، ئیتر بە هۆی پۆستەکەیەوە هەرچی نهێنیی کاروباری حکومەتیی کە دەستی دەکەوێت، بێ شەرمانە لە رۆژنامەکەی بڵاوی دەکاتەوەو وا ئیدیعا دەکات کە سەرچاوەی تایبەتی هەیە.

* بە هەمان شێوە، لەمجۆرە کەسانەمان هەیە کە رۆژنامەی لەم بابەتەی باسمان کرد" دەردەکات، خۆیان پەراوێزنو گرێی دەروونیان بەرامبەر حکومەتو حزبی دەسەڵات هەیەو لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە" نەخوازراون، عەقڵیەتیان لەگەڵ عەقڵییەتی لایەنی دژ بە ئەزموونی حوکمڕانیی کورد تێکەڵ دەکەن تەنها بۆ ئەوەی یەکێتیو حکومەت هەڵوێستیان لێ وەرگرێتو توند مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، تا لەم سەردەمی ئاسان پەیوەندیکردنەدا بیکەن بەهەڵلاو بەیاننامە حەیاتەکە دەرکەن!

بەیاننامە رەحەتی گیانی هەندێکیانە، ئەوان خۆیان رۆژنامەیان هەیە" کەچی بەیاننامە دەردەکەن.بەیاننامەکەشیان هەرچی قسەو گفتی ناشیاوو نەگونجاوە تێیدا بەکاری دەهێننو کەسایەتیی خەڵك بریندار دەکەن.

جا خۆزگە هەر ئەوەندە دەبوو، هەن لە نێو ئەو سەرنووسەرانە خوێندەوارییەکی کۆلەوارییان هەیەو جگە لە کوردییەکی کۆن" هیچی تر نازانن! ئێستاش نازانن ناوی (عەلی)بە پیتی عەینو ئەحمەد-یش بە ÃÇÏ دەنووسرێت، بە مورتاح دەڵێن مورتاعو بە حەیاتم-یش" عەیاتم!!

ئەوەندە دەڵێم" خوا بە گەورەیی خۆی رەحم بکات..ئەوانەن گرنگترین سەکۆی ئازادیو زمانەوانیو رێبەری کردنی خەڵکیان بە دەستەوەیە، ئەوانەن وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێم یارمەتیان دەدات، ئەوانەن خۆیان بە رووناکبیری ئێرە دادەنێنو سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازو باش رۆژنامەنووسیبیان پێ دەوترێت، ئەی باشە کێ نارووناکبیرە؟!

بۆ ئەوانەش تا رادەیەك دیسان دەڵێم بەهەرحاڵ... ئێستا وا رەوشی کورد کەمێك ئارامە لەگەڵ ناحەزانی دەوروبەر، ئەی باشە ئەگەر کەوتە حاڵەتی شەڕەوە، دەپرسم ئەوان چ هەڵوێستێکیان دەبێت؟ کام بەرە هەڵدەبژێرن؟! بێگومان کەسمان لێیان دڵنیانین، چونکە ئەوان لە کاتی شێنەییدا وا دژایەتیی حکومەتی خۆماڵی کوردی بکەن، ئەوان کە یارمەتیی حکومەت وەربگرنو سپڵەبن، ئیتر کێ متمانەیان پێ دەکاو دیسان دەبێ بڵێین خوا رەحم بکات..

تێبینییەکیتر لەبەشێك لەو بەزمە رۆژنامەگەرییە بەناو ئەهلییەی ئێستا لە سلێمانی لە پەرەسەندندایە، ئەوەیە کە ئەوان لە پەراوێزی ئەو ئامانجانەی لە سەرەوە پەنجەمان بۆ درێژکردن، جگە لە کاسبی هیچیتر ناکەنو بە دوای پارەدا وێڵن..بە هەمان شێوە ئەوان رووپەڕی بڵاوکراوەکانیان کردۆتە دەمو زمانحاڵی خۆیانو هەرچی جنێوو قسەی سەرشەقامە" بە رۆژنامەو کەسانی مونافیسیان دەڵێنو هەرچی ئیهانەیە بەیەکتریی دەکەنو بوونەتە بڵاوکراوەی شەڕە جنێوو ئابرووی رۆژنامەگەریی کوردییان لەکەدارکردووە، ئەوەشیان تەنها بۆ ئەوەیە بازاڕو ناو بۆ خۆیانو رۆژنامەکەیان پەیدا بکەن با لەسەر حیسابی یەکێکیترو بە شێوازی دزێویش بێت.

دڵنیام کە خوێنەری ئەم باسە کورتە" دەزانێت مەبەستم چ رۆژنامەیەكو چ کەسێکە، حەزیش دەکەم ئەوانەی ئەو قسانە شمولیان دەکات بەدڵی فراوانەوە قبوڵی بکەنو کەمێك بە ویژدان بن بەرامبەر بە حکومەتو کاروانی رۆژنامەگەریی کوردی، چونکە بەراستی کاری رۆژنامەنووسیی ئاوانییە، هێرشکردنە سەرداروو بەردو جنێودان هونەری رۆژنامەنووسیی نییە، دزینی نهێنی ئەو شوێنەی کاری لێ دەکەی، پەیامی پیرۆزی ئەم کارە نییە..بەڵکو رۆژنامەنووسیی شتی جوانیش لە خۆدەگرێت کە بەداخەوە ئێوە لێی بێبەری بوونە..

بۆ وامان لێدەکەن پیشەکەمان لەبەرچاو بکەوێو بە چاوێکی نزمەوە سەیری رۆژنامەنەگەریی بکرێت؟ ئەو شێوازەی ئێوە بەکاری دەهێنن کەی شێوازە؟ خۆ دەتوانن هەمان قسە بگەیەنن بەڵام بە ئسلوبێکی گونجاو..